# پێنج شیعری هەڵبژاردە

وریا مەزهەر

1
من و جیهان هەر دوو پێکەوە و لە یەک کاتدا هەنگاومان بەرەو پێشەوە دەنا
جیهان فێری دەکردم پەیتا پەیتا لە بەرخۆمەوە بڵێم :
« جیهان منە و من جیهانم! »
لە قامووسی ئاشتیدا شەو واتای رۆژی هەبوو، رۆژ واتای نیوە شەو
پەپوولە واتای پڵەنگ
لە سەرگۆڕی «جیاوازی» نوسرابوو: « بێزەحمەت، لێرە میز مەکەن »
شەڕی ئاشتی کۆتایی پێ نەدەهات
بەڵام چۆن بوو یان کەی ـ
هاوارم کرد: « ئێمە لە ئاوێنەی جیهاندا نابینرێین»
جیهان بە دواماندا هاواری دەکرد:
« شەڕ تەواو بوو، بگەڕێنەوە. . . »
من جیهانم بە جێ دە هێشت. . .
ئێوەش هەنگاوەکانتان فڕێ دا و
بۆ ناو خۆتان گەڕانەوە!
2
فەلسەفەی ژەنگی تەماکۆ
ئایینی جامخانە و چایخانە
سیاسەتی پەین و تەپاڵە
توانەوەی سەهۆڵەکانی فەرهەنگی قەوزەگرتوو
یاسای هەورازەکانی کۆمەڵگای سەرکەوتوو
پۆلیسێکی باش
نە
دوو پۆلیسی باش
کەلەبچەیەک
کە دەکرێتە دەستی مەجازەکان و ئیستیعارەکان
یەکێک کە ٤٩ % منە و
٥١ % خۆم نیە ـ
تۆزی سەر شوێنپێکانی « بە هەڵە چوونی مەزن » لادەبا ؛
بە کلکی ـ شیعرڕێوییەکانی ـ نیشتمان!
3
لەم سەربانەوە چوار کەس خۆیان خستە خوارەوە و کۆتاییان بە ژیان
هێنا. ئەو کاتەی وا لە دنیادا سێ کەس دەژیا، یان دەکرێ بڵێین تەنیا
سێ ژیان لە یەک دنیادا دەژیا.

www.kurdistannet.org
27-5-2003 14:25

واتە « دنیا » بە تەنیا دەمایەوە و تەنیا دنیا دەبوو بە دنیایەک لە تەنیایی.
لە بەر ئەمەش ئەو یەکەم کەس بوو کە پێش ئەوانی‌تر خۆی خستە خوار.
دووهەمیان ژیان بوو، هەموو دین و دنیای « دنیا » بوو و لە دوای دنیا
هەڵی نەکرد و خۆی لە پێناو دنیادا خستە خوار. سێهەمیان من بووم کە
بێ ژیان و دنیا، ژیان و دنیام لە پێش چاو کەوت. کە واتە من لە پێناوی
خۆم و ژیان و دنیا خۆم خستە خوار.
چوارەمیان کەس نەیزانی کێ بوو. . .

4

بەیانیم بە ئاوسی، لە ژێر چەترەکانی باران دۆزییەوە
هێنامە ژوورەوە
دامنا
جلەکانم لە بەر دەرکرد و وشکم کردەوە
گوتی: ئێستە بۆت هەیە لە گەڵم بنووی!
پاڵ کەوت
قاچەکانی کردەوە
گوتی: پێش ئەوە بێیتە ناومەوە
دەبێ لە ناومەوە
بتهێنمە دەرەوە!
ئەو کاتەی وا هاتمە دنیا
بەیانی
بە سەرمەوە
مردبوو!

5

فۆرموولی هارینی ژیان + مرۆڤەکانی ناوی پێکەوە
ئەگەر دەس خەیت
ئممممممممممم
(دەکاتە) = « دوو ددانی تیژ، باشتر نییە لە چوار ددانی کول! »
هەر چەن ئەمە « پینۆشە » و سەربازەکانیشی دەیانزانی
شاعیر و هاوڕێ نزیکەکانیشی وەک‌تر
هەر شیعر نەبێ کە هێشتانیش خۆی بە هیچ ئاشێ ناگۆڕێتەوە.

کوردستان نێت:
وریا مەزهەر ( لە دایکبووی ١٩٧٥ شاری سنە، دانیشتووی هێلسینکی فینلەندە) کۆمەڵە شیعرێک بە ناوی «هیچ» بڵاو بۆتەوە،
کە ساڵی ٢٠٠٢ لە چاپخانەی ئۆفێستی «مەحوی» شاری هەولێردا لە چاپدراوە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org